# ژووان نەجیبە ئەحمەد 30 ساڵ لەگەڵ شیعر دا

نەجیبە یا جوانترە بڵێم ژووان ناوێکی دیارە لە شیعری کوردی دا...من بۆ خۆم باوەڕم بە ئەدەبی ئافرەت و پیاو نیە، بەڵام ئەگەر لێک جیا بکرێتەوە ئەوا نەجیبە لە ناو قەڵەمی ژنانی کورد دا ئەستێرەیەکی گەش و ناسراوە...بۆمن یەکێکە لە باشترین شاعیری ژن...ئەوکاتەی ژووان دەردەشیعری تووش هات، شاعیرانی وەکو ئەو لە پەنجەکانی یەک دەست تێنەدەپەڕین...قەدەر بۆ کورد باشی هێنا و ژووان کەوتە داوی عیشق...ئەو عیشقەش بە شیعر دەدرا لە بەرۆکی دڵدارەکەی...ئەو شەمە کێ دەیناسی ئەگەر یاری وەلی دێوانە نەبوایە...وەلی دێوانە چۆن یاران وەسیەتم دەنووسی ئەگەر شەم نەبوایە...دەبێ هەردوکیان تەواو کەری یەکتر بن...ئا نەجیبە 30 ساڵ لەمەوبەر لەو وڵاتە و لەو کۆمەڵگایە دواکەوتووە پڕ بە دەم هاواری دەکرد خۆشتم دەوێ و بەدوای خۆشەویستەکەی وێڵ و سەرگەردان بوو...دەک پیرۆزبێت ئەو عیشقە ئیلاهیە کە وەکو عیشقی رابیعە عەدەویە{رابعه‌العدویه} و ابن العربی و الحلاج پاک و بێگەرد بوو ، بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی لە نهێنی دوو دڵدا دەگەن...لە بەختی نەجیبە ئەو کارتۆنەم دۆزیەوە کە هەندێک لەو نامانەی تێدا حەشاردرابوون کە کاتی خۆی بۆی رەوانە کردبووم ، لەناویاندا ئەو شیعرانە خۆیان گەرم گەرم داپۆشیبوو ، ئای دڵم چەند خۆش بوو کە ئەو گەنجینەم دۆزیەوە...لەگەڵ نامەکانی ژووان و کاکە محەمەد حەمە باقی نامەی مامۆستایانی هەردەم زیندوو { مەسعود محەمەد و شوکور مستەفا و رزگار محەمەد خەلیل } و مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم و...هتد، دۆزیمەوە بە هیوای ئەوانەی تریش لەلایەکی تردا سەر دەربهێنن ... کاتێ ئەو نامانە لەدایک بوون ، ئەو ساتانە چەند بەنرخ بوون ...هەریەکەیان تەمەنیان 20ساڵێکە، هەندەک بگرە تەمەنیان پیرترە...لە کاتی ماڵ گواستنەوە، ساڵی 1991 ئەو کارتۆنە خۆی خستبووە ناو ئەو کەلوپەلانەی بۆ ژێرخانەکەم کۆچی پێکرابوو...کە گەیشتمە سەریان گووتیان ئەوانەی تۆ لە ژورەکەتدایە و ئەوانەی ژێر خانیش زیادەکانن...پاش چەند مانگێک کە کارتۆنی کتابانم کردەوە و بەدوای نامەکان وێڵ بووم ...هەردەگەڕام ئەو نامانە خۆیان نیشان نەدەدام ، بۆخۆم نەمدەزانی بۆ لیم زیزن...لە ژیانمدا سوکایەتیم بە مرۆڤ نەکردووە و هەردەم مرۆڤ پەرست بووم..بۆ خۆشم ئەوەندە لە ژیاندا بێباکوبێسەروبەر نەبووم پارچەکاغەزی رەشنووسی کۆبونەوە و کۆڕ و دانیشتەکانیش هەڵدەگرم و دەیانپارێزم، بۆیە ناچاربووم خۆم دابووە بەرەی ئەوەی لە ماڵەکۆنەکەم فرێدراوە لەگەڵ کەلوپەلی فرێدراو ...ئەوا ئەمرۆ وا دیسان بە هیوایەکی تر پاش 14ساڵان ژێرخانەکەم پاک دەکەمەوە و تیشکی هیوام زیاد دەکات و کارتۆنی جوان دیتەوە

بەردەستم... نامەکان ، پارچەکاغەزەکان ، شیعرومیعرەکانم کە هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی لاویم و لە هەولێری خۆشەویستدا لەدایک ببوون بەڵام هەر بە مەلۆتکەیی هەڵگیرابوون کەوتەوە بەردەستم ، یەکە یەکە بۆنیان دەکەم ، ئەوا بە سینگمەوە دەیان نووسێنم پێیان دەڵێم بەخێربێنەوە ، ئێستاکەش هەر درەنگ نیە ... باوکی لاوژە کاکە محەمەدحەمەباقی ئەوە صەدامیش نەما لە نامەیەکتدا بۆت نووسیبووم {{.........تۆ بڵێی نەمرین و ، مەرگی ئەم درندە و دەعبایە بەچاو ببینین !؟..من ئاواتم لە ژیانما هەر ئەوەیە، هەتا لە ژیاندام مەرگی صەدام ـ م بدیبایە..}} بەڵێ هەردووکمان لەگەڵ نەجیبەش وا لە ژیانیین و چاک دەبینین صەدام و داروەستەکەی چیان بەسەر هاتووە ، ئاواتی تۆ و ئاواتی هەمووومان هاتە دی.... بەڵام نامەکان ...ئاخ و سەد ئاخ هەندێکیان بوونە بە یادگار و نووسەرەکانیان وا لە بەهەشت لەگەڵ فریشتەکان گۆرانی بۆ بە ختەوەری مرۆڤایەتی دەچڕن ...خەوتان خۆش مامۆستایانم...خەوتان خۆش...هەتا پێتان دەگەمەوە....

لە 1999/8/12 دا لە هەولێرەوە دیوانی شیعر{ **مێژووی دار سێو** }و کورتە چیرۆک {**پەپوولەکانی مەرگ**} ی نەجیبە ئەحمەدم بۆ هات لە هەردوو بەرهەمەکەی ئەو چەند دێرە دەربارەی ژیانی نووسراوە والێرەدا منیش بەبێ دەسکاری بۆ ئەوانەی هێشتا ژووان ناناسن بڵاودەکەمەوە ...داوای لێبووردنیش لە کاکم حەمەوخوشکم نەجیبە .

**نەجیبە ئەحمەد**

ساڵی 1954 لە شاری کەرکووک هاتۆتە دنیاوە...

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە کەرکووک تەواو کردووە...

ساڵی 1976 لە زانکۆی سلێمانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی تەواو کردووە...

لە ساڵی 1976 بەدواوە، بەرهەمی شیعر و کورتە چیرۆکی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە...

لە ساڵی 1976 تا 1981 لە شارەکانی دەربەندیخان و چەمچەماڵ مامۆستا بووە...

لە ساڵی 1981 بەدواوە بۆتە پێشمەرگە و ماوەی 10 ساڵ وەک نووسەرێکی پێشمەرگە، لە یەکێتی نووسەرانی کوردستان دا چالاکی ئەدەبی نواندووە...

تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاو کردۆتەوە :

1/ خاکی دایک ـ ڕۆمان ـ جەنگیز ئەتماتۆف ـ وەرگێڕان لە عەرەبییەوە:چاپی یەکەم 1986 یاخ سەمەر چاپی دووەم 1992 تەورێز ـ ئێران .

2/ بەهارە گریان ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 1994 تەورێز ـ ئێران .

3/ ڕاسان ـ کورتە چیرۆک ـ چاپی یەکەم 1994 تەورێز ـ ئێران .

4/ پەپوولەکانی مەرگ ـ کورتە چیرۆک ـ چاپی یەکەم هەولێر 1998.

5/ مێژووی دار سێو ـ شیعر ـ چاپی یەکەم هەولێر 1998 .

بەرهەمی ئامادەی بۆ چاپ :

چەک و چیا ـ ڕۆمان ـ جێمس ئۆڵدریج ـ وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.

نووسینی : فەهد گـردەوانی 2005/10/24 ستۆکهۆڵم

پارچە شیعرەکانی ژووان نەجیبە ئەحمەد

خەرمانە ووشە

1

جار جارە بە سەر شانی شیعرێک دا،

ملم لار ئەبێتەوە...

وەنەوز ئەدەم..

ووشەکان لە نێوانی پێڵوەکانما،

ئەبنە کۆمەڵێ قوتابی کۆتر رەنگ،

پەنجەی باریک و بێ نازیان،

لە رووما بەرز ئەکەنەوە و،

هەر یەکە یان هاوار ئەکات:

سروودێکی تازەم پێ یە..

2

لە ئەفریقیا و..لە.....

لە فەلەستین..کوردستانا..

خەم وەک گزنگی بەیانیان ،

ئاسۆی گشت ماڵێک تەی ئەکات..

وەکو لەتە کولێرەیەک ،

ئەگاتە گشت سفرە و خوانێ..

وەکو دڵۆپە ئاوی روون ،

ئەرژێتە گەرووی هەموومان..

خەم وەکو بریسکەی خەنجەرێ ،

کیلانەکەی جێ هێشتبێ ،

رەنگی قژ و دەم و چاو و بەرگی ،

هەزاران ئەنوێنێ..

خەم وەکو داسولکەیەکی تیژ ،

سەوزە هیوای لاوەکانمان سەر ئەبڕێ

3

ئەڵێن هەموو شیعرەکانم ،

کۆرپەی یەک بیرن و ،

هەر جارەی بە رەنگێک ،

لە منداڵانی هەستەوە ئەکەونە ،

ئاسۆی خەونەکانەوە..

راست ئەکەن ..

چونکە عەشقی تۆ ناگۆڕێ .. کۆن نابێ ..

عەشقت رۆژە..شەوە..بەهارە..گزنگە..

لەگەڵ گشت کۆنێک دا تازەیە..

**پاییزی 1980**